

١١٦

# دنیای منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٠

19 February 2012




## وتەی ئەمجارەمان

منداڵە ژیرو چاوگەشەکانی کوردستان

ئایا دەزانن کە لەنێو ڕۆژەکانی ساڵدا ڕۆژێک دیاری کراوە بە ناوی ڕۆژی زمانی دایک؟
با بزانین ئەو ڕۆژە کەیەو زمانی دایکییش چیە؟
ڕۆژی ٢١ی فێوریە بەرانبەر بە ٢ی رەشەمە، لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە ( ڕێکخراوێکی ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆستە) وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاریکراوە.
زمانی دایک هەرئەو زمانەیە کە ئێمە قسەی پێدەکەین. کەواتە زمانی دایکیی ئێمە کوردیيە.
نەک هەر منداڵان، تەنانەت گەورەکانیش دەبێ ئەو ڕۆژە لەبیر نەکەنو ڕێزی لێبگرن.چونکە ڕێزگرتن لەو ڕۆژە، ڕێزگرتنە لە زمانی دایکیی هەموو گەلان وگەلی خۆشمان.
منداڵە ئازیزەکان
ئەوەش بزانن کە حکومەتی ئێران ناهێڵێ منداڵانی کورد لە قوتابخانەکاندا بەزمانی خۆیان دەرس بخوێنن و بنووسن.کەواتە ئەوە بێڕێزیيە بە زمانی دایکیی ئێمەی کورد.
ڕێز گرتن لە زمانی داییکی مرۆڤەکان ڕێزگرتنە لە کەسایەتیی ئەو مرۆڤانە. دەبێ منداڵە خۆشەویستەکان هەر لە ئێستاوە فێرببن کە ڕێز لە زمانی دایکیی خۆمان و سەرجەم زمانە دایکییەکان بگرن.
دەبێ هەوڵ بدەین کە زمانەکەی خۆمان ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر قسەی پێبکەین و باشتریش پێی بنووسین.



لە پەیوەندی دەگەل زمانی دایکدا، لە پەیماننامەیەکی جیهانی مافی منداڵان دا هاتوە کە دەڵێ: «منداڵان مافی خۆیانە کە لە هەموو قۆناغێکی ژیانیاندا بە زمانی دایکیی خۆیان قسە بکەن.»
کەوایە ئێوەش ئەوە بزانن مافی خۆتانە کە بە زمانی خۆتان بخوێنن، بنووسن و قسە بکەن. بیریشتان نەچێ کە دەبێ ڕێز لە هەموو زمانە دایکییەکان بگرن.
«کەوایە بیرمان نەچێ کە، ٢١ی فیویە واتە ٢ی رەشەمەی هەموو ساڵێک، ڕۆژی جیهانی زمانی دایکییە»
هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

سەرنووسەر

## ژیاننامەی نوسەر و وەرگێڕی ناوداری گەلەکەمان دوکتورئیبراهیمی یوونسی




ماموٚستا برایم یوونسی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری بانە لە دایك بووە پۆلی شەشەمی لە بانە. تەواو کردوە. ساڵی ١٣٢٢ دەچێتە شاری تاران و پاش چەند ساڵێک دیپلۆم وەردەگری و خوێندن لە زانکۆی ئەفسەری تاران تەواو دەکا و دواتر لە زانکۆی تاران لە بەشی ئابووری‌دا، لیسانس وەردەگرێ. هەرلەوبەشەدا لە زانکۆی سۆربۆنی فەرانسە دکتورا وەردەگرێ.ماموٚستا برایم لە ساڵی ١٣٣٣ دا بە هۆی چالاکیی سیاسی زیندانی دەکرێ و تا ساڵی ١٣٤١ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە. ماموٚستا برایم هەر لە تەمەنی لاویدا هۆگری کاری نووسین و وەرگێڕان بووە و هەر لەو ساڵانەی کە لە زیندان دا بووە خۆی فێری چیرۆکنووسی کردوە. بە باشی شارەزای زمانی‌فەرانسەوی بووە ،زۆربەی کتێبەکانی لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. ماموٚستا برایم وەرگێڕو نووسەریکی زۆر شارەزا بووە و چەندین رۆمانی نووسیوە . یەکەم کتێب کە ماموٚستا نووسیوێتی کتێبی هونەری چیرۆك نووسی‌یە کە لە زیندان نووسیویەتی. ماموٚستا برایم چەندین کتێبی لە سەر مێژوو و خەباتی کورد کە بە زمانی بیانی نووسراون وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. ئەم ناوداره کووردە ١٢ بەرهەمی نووسینی و زیاتر لە ٨٠ بەرهەمی وەرگێڕاو هەیە.

ماموٚستابرایم یونسی رۆژی١٩ی رێبەندانی ئەمساڵ لە تەمەنی ٨٥ ساڵی‌دا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و رۆژی ٢١ ی رێبەندان تەرمەکەی گەرێندرایەوە شاری بانە و بە گەرمی لەلایەن خەلکی کوردستانەوە پێشوازی لێ‌کراو و لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

ئامادەکردن: شیلان قوربانی‌فەر

دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

سەرنووسەر:
ئازاد عەباسیان
azadabasyan@yahoo.com

دەستەی نووسەران:
هانا وریا ،شیلان قوربانی‌فەر، بێگەردعەلیپوور

دیزاین:
ئازاد محەممەدزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanykurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
Tel:٠٧٥٠٣٢٢١١٤٠



# نوکتەی خۆش بۆ پێکەنین



### شاخەوانی
کوڕ و بابێک بە یەکەوە دەچن بۆ شاخەوانی و بابەکە زووتر دەگاتە سەر شاخ و بە کوڕەکەی دەڵێ: کوڕم وەرە سەرەوە سەیر بکە ئەو خوارەوە لێرەوە چەند جوان و دڵڕفێنە.
کوڕەکە بە بابی دەڵێ ئەی ئەگەر خوارەوە خۆشە بۆ منت هێناوەتە ئەو بەرزاییيە؟ هەر لە خوارەوە بووینایە باشتر و خۆشتریش بوو.

### باوکی نەخۆش:
ڕۆژێکیان پیاوێک نەخۆش دەبێ،کوڕەکەی بانگ دەکات و دەڵێ: کوڕم ئەمن زۆر نەخۆشم و ناتوانم بچم بۆ لای دوکتۆر، تۆ بە جێی من بچۆ و پێی بڵی دوکتور گیان باوکم زۆر هیلاکە. بڵێ: سەری وەکوو شووتی بای کردوە، چاوی وەکوو تەماتە سوور بوون، قاچی وەکوو باینجان شین هەڵگەراون. ڕەنگی وەک گوڵە بەڕۆژە زەرد بووە. هادەی کوڕم بچۆ بزانە دەوای دەردی من چییە؟
کوڕەکە دەڵێ باوکە گیان! ئەو هەموو قسەیەم لە بیر نامێنێ. دەچم دەڵێم کاکی دوکتور وەرە باوکم بووە بە بێستان.



### مامۆستای بیرکاری لەحەپۆل ئەپرسێ:
«ئەگەر باوکت ١٠ دیناری پێ بێت و ئەتۆش داوای ٦ دیناری لێ بکەی، چەندی پێ دەمێنێ؟»
حەپۆلیش لە وەڵامدا دەڵێ:
«١٠ دینار.»
مامۆستاش بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ:
«دانیشە! تۆ بیرکاری هەر نازانی.»
حەپۆلیش دەڵێ:
«تۆش باوکی من هەر ناناسی، ئەو پارە نادات بە دایکم هەتا دەگا بە من.»

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمان ڕەنگێنن







# بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

بەنگلادێش یەکەم وڵات بوو کە لە مانگی نوامبری ساڵی ١٩٩٩ی زایینیدا پێشنیارێکی خۆی بە شێوەیەکی فەرمی بۆ ڕێکخراوی یونسکۆ پێشکەش کرد، لەسەر ئەو بنەمایە کە ڕۆژی ٢١ ی مانگی فێوریە (٢ی ڕەشەمە) بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دابنرێ. گەڵاڵە پێشنیارکراوەکە لە سییەمین دانیشتنی گشتی ڕێکخراوەکە دا لە لایەن ڕێکخراوی جیهانیی لایەنگریی لە زمانی دایک و وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکەوە پەسەند کرا.

دوای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی زمانی دایک، گەڵاڵەیەک لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە ئامادە کرا و بە وڵاتانی ئەندام ڕاگەیەندرا، کە تێیدا چەندین بەرنامەی جۆراوجۆر بۆ وڵاتانی جیهان ڕێکخرا بوو.




لەو کاتە بە دواوە وڵاتانی جیهان ڕۆژی ٢١ی فێوریەیان کردە جەژن و خۆشی بەتایبەتی وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، کانادا، جومهووریی چێک، هێندوستان، بەنگلادێش. کە پێشڕەو بوون لە ڕێزگرتنی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا.

پێویستە ئەوە بیر بخرێتەوە کە، هۆکاری ناونانی ئەو ڕۆژە واتە ٢١ی فێوریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوەی کە لە ڕۆژی ٢١ی فێوریەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینیدا ڕووی‌دا کە تێیدا ٥ خوێندکاری خەباتکار لە پێناوی ڕەسمی کردنی زمانی دایکییان واتە زمانی بەنگالی‌دا کە ئەوکاتە ناوی پاکستانی ڕۆژهەڵات بوو، دواتر بوو بە بنکلادێش، گیانیان لە دەست دا.

**هانا وریا**



**«بولبول»**

*بولبولی جوانی سەردار*
*وردەوردە هات بەهار*
*وەدەرکەوت گوڵ و گیا*
*هەڵفرە لە دەشت و سەحرا*
*ئەی بولبولی ڕەنگاوڕەنگ*
*بخوێنە بە سەد ئاهەنگ*
*بە دەنگی خۆش و جوانت*
*بانگ کە لە هاوڕێکانت*
*بفڕە ئەم دار و ئەو دار*
*بچۆ بۆ دیهات و شار*

ئەوین بامرادی



*چنار*
*تاقە دارێکم*
*سەر سەوز و لەبار*
*بەرز و بێ وێنە*
*پێم دەڵێن چنار*
*سەرم لە ئاسمان*
*ریشەم لە عەرزە*
*باکێکم نیە*
*لە بەفر و تەرزە*

ئامادەکردن؛ تروسکە کەریمی

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی یەکەم




ئامادەکردن:
بێگەرد عەلیپوور

رۆژی جیهانیی زمانی دایک
لە هەموو منداڵان پیرۆز بێ.

child protection centre - East of kurdistan





# « بەرخە سپی »

**هاورێیانی دنیای منداڵان**

**کتێبی چیرۆکی بەرخە سپی پێکهاتوە لە ١٠ چیرۆکی جۆراوجۆرو سەرنجڕاکێش بۆ ئێوە منداڵانی خۆشەویست. کە نووسەرەکەی کاک "عمر تۆفیق"ە. ئێمە لە هەر ژمارەیەک دا چیرۆکێکی ئەو کتێبەتان پێشکەش دەکەین ، هیوادارین شتی لێ فێر ببنو چێژی لێ وەربگرن.**

## چیرۆکی یەکەم: بەرخە سپی



**بەرخێکی سپیی ناوچاوان رەشی جوان تا بڵێیت خورییەکی تازەی جوانی هەبوو، لە ناو هەموو بەرخەکانی تردا دیار بوو، خاوەنەکەی زۆر خۆشی دەویست ، بە بەردەوامی ئاگای لێبوو، کە تۆزێک گەورە بوو خۆی هاتووچۆی ناو کێڵگەکەی دەکرد تا وای لێهات دەچوو بۆ رووبارە دوورەکە، رۆژێک گورگێکی لێ پەیدا بوو ویستی بە هەر فێڵێک بێ بیکا بە نێچیری خۆی.**



**پێی وت: چەند رۆژ لەمە پێش تۆ ئازاری بێچووەکانی منت داوە، ئەویش پێی راگەیاند کە شتی وا لەمن ناوەشێتەوە. بەڵام هەر سوور بوو لە سەر داواکەی، لەوکاتەدا جوتیارەکە بە پەلە بە دوایدا دەگەڕا، کە چاوی پێکەوت بە پەلە بە باوەشی داگرت و لە دەستی ئەو گورگە چەپەڵە رزگاری کرد و پێی راگەیاند: پێویستە لەقسەی خۆت گەورەتر دەرنەچیت، ئەگەر جارێکی تر هەڵەی وا گەورە دووبارە بکەیتەوە، بە دڵنیاییەوە رۆژێک دەبێتە ژەمە خواردنێک بۆ گورگێکی تر.**

**کام رێگا دەگاتە کۆتایی**



# کارەبا



***هاوڕێ خۆشەویستەکانم:***

**منداڵەکان:**

**چەندە خۆشە کاتێک شەوانە، گڵۆپەکان پێ دەکەین و بە چرکەیەک هەموو دەوروبەرمان و پێش چاومان رووناک دەبێتەوە. چەندە خۆشە لەبەر رووناکایی گڵۆپەکان دەرس دەخوێنین و ئیتر چاومان کز نابێ. ئاخر دایە گەورە دەڵێ: من بۆیە چاوەکانم کز بوونە، چونکە ئەو کاتی ئەمن منداڵ بووم، کارەبا نەبوو، لە بەر تیشکی چرایەکی نەوتی، کتێبم دەخوێندەوە. هاوینان لە گەرمان خەومان لێ نەدەکەوت، تەپۆ کەوڵی دەکردین. ئەوکات وەکوو ئێستا نە تەلەفزیۆن هەبوو نە تەلەفۆن و نە کۆمپیوتەر. شەوانە کەس بەر پێی خۆی نەدەبینی. بەڵام ئێستا ئەو کارەبایە زۆر زۆر باشە.**

**ئەدی منداڵەکان، ئەمن نەنکم فێری کردووم کارەبا بە لامەوە گرینگ بێ. ئەو دەڵێ کارەبا نیعمەتە. نەنکم هەموو جارێ کە نوێژ دەکا، دوعا بۆ ئەو کەسە دەکات کە کارەبای دروست کردوە. نەنە دەڵێ ئەو ناوی (ئەدیسۆن)ـە.**

**وەڵڵاهی نەنەم راست دەکا، دەزانن ئەگەر کارەبا نەبێ، چ دەقەومێ؟**

**ئەگەر کارەبا نەبێ:**



**١ـ ئێمە ناتوانین سەیری کارتۆن بکەین.**
**٢ـ لە تاریکاییدا ناتوانین دەرسەکانمان بخوێنین.**
**٣ـ زستانان ئاوی گەرممان نابێ بۆ ئەوەی بەیانییان دەم و چاومان بشۆین.**
**٤ـ هاوینان لە بەر گەرما خەومان لێ ناکەوێ و تەپۆ پێمانەوە دەدات.**
**٥ـ ماڵەکانمان شەوانە رووناکایی نابێ.**

**بۆیە دەبێ ئێمە منداڵەکان:**

**زۆر زۆر ئاگامان لە کارەبا بێ. بە دایە و بابە بڵێین گڵۆپی زیادی پێ نەکەن. گڵۆپە زیادییەکان بکووژێننەوە.**

**با ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، ئێمە نابێ دەست لە وایەری کارەبا بدەین، چونکە زۆر زۆر مەترسیدارە. کارەبا کاتێک لە وایەرەکان دایە، بەچاو نابینرێ، بۆیە نابێ لە وایەری کارەبا نزیک ببینەوە. نەکا کارەبا بمانگرێ.**

**دیسان ئێمە منداڵەکان لەبیرمان نەچێ، بە دایە و بابە دەڵێین گڵۆپی ئەو ژوورە بکووژێننەوە کە لێی دانانیشین، ئەگینا کارەبا بەشی هەموو خەڵکی شارەکەمان ناکاو ئەگەر کارەبایش نەبێ، هەموو شتێکمان لێ تێک دەچێ.**

رەسووڵ سوڵتانی



### پەپوولە

من پەپوولەی نەخشینم
بە دوو باڵی رەنگینم
ئەفرم بە دەشت و چەما
هاورێ نیم لەگەڵ خەما
گوڵزارم زۆر خۆش دەوێ
گوڵ لە کوێ بی دەچمەوێ
شیلەی گوڵان دەنۆشم
بە جوانیی گوڵ دڵ خۆشم
قەت گوڵان هەڵناپسێنم
لە خۆمیان نارەنجێنم
ئێوەش ئەی منالانی جوان
هاورێ بن لەگەڵ گوڵان
با بە گوڵ و گوڵزاری جوان
جوان بکەین نیشتیمان....

کاوە شەریفیان

### دوو کۆرپەی ئاشتی خواز

دوو برالەین برالان
ناومان ئاکام و ئالان
وریاو زیتۆڵە و ژیرین
دوومندالی بە بیرین
کۆرپەی ئەوین و نازین
دڵ نەرم و ئاشتی خوازین
کۆتری سولحین بێ زەرین
دژی ئاژاوەو شەرین
تالی و سوێری دەنۆشین
بۆ ئاشتی تێدەکۆشین
پەروەردەی شاخ و هەردین
بۆ دوژمن داخ و دەردین
ئەستێرەی ئاسۆ و کەلین
هیوای دوارۆژی گەلین
وەکوو بوولبوول دەخوێنین
موژدەی ئازادی دێنین

ئالان قادری

## پرتەقاڵ Orange



پرتەقاڵ خاوەنی ویتامینی جۆراوجۆرو بەسوودە کە قازانجیکی تایبەتی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە. تەنانەت لە کۆندا لە پرتەقاڵ بۆ ورووژاندن و بەهێزکردنی کۆئەندامی هەرس، دەرمانی گیراوی(قەبزی)، ئیسهالی خوێن کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەروەها بۆ دڵ بەیەکداهاتن زۆر باشە،خوێن خاوێن دەکاتەوەو ئیشتیاکەرەوەشە.ئەم میوەیە بە حوکمی بوونی ویتامین س، بۆ سەرمابوون و پەسیو لە وەرزە ساردەکان وەک زستان زۆر بەکەڵکە و پێشگیری لە تووش بوون بە هەڵامەت دەکا. هەروەها ئەو کەسانەش کە لێو و پووکەکانیان قەڵشیون و تەنانەت دەستەکانیشیان توێخیان هەڵ داوە، لە کاتی خواردنی پرتەقاڵ دەستیان کە بە ئاوەکەی تەڕ بووە لە دەست و پلانی هەڵسوون، هەم توێخەکەیان چاک دەکاتەوەو هەمیش دەبێتە هۆی جوانیی پێستی دەست و پەل. هەروەها لە کاتی پاک کردنی پرتەقاڵدا یانی کاتێک کە توێکڵەکەتان لێ کردەوە، دیوی ناوەوەی توێکڵێکی سپیی پێوەیە، ئەو توێکڵە سپی‌یە لێ مەکەنەوەو لە گەڵ پرتەقاڵەکە بیخۆن، چونکە تایبەتمەندی زۆر باشی هەیە و هەروەها دەبێتە هۆی هەرس کردنی خواردەمەنیەکان لە گەدە داو هێنانەخواری چەوریی خراپ و بردنەسەری چەوریی باش، لەئاکامدا پێشگیری لە جەڵتەی دڵ و مێشک دەکا، ئەمەش واتە بەدەست هێنانی سڵامەتی.

کوڵاندنی پێستەکەی و خواردنی ئاوەکەی بۆ نەرم کردنی سینگ لە کاتی کۆخین‌داو بۆ لەنێوبردنی هەڵامەت و پەسیو زۆر بەکەڵکە.

لەمەودوا هەوڵ بدەین زیاتر گرینگی بە میوەکان بە گشتی بدەین و بە جێگای خواردنی شتی دەستکرد وەک بیسکویت و نوقڵ و هەندێک شتی دیکە، گرینگی بدەین بە خواردنی میوەکان، چونکە هەم جەستەمان پێویستی پێ‌یەتی و هەمیش قازانجیان زیاترەو زەرەریان نیە.

سەید جەلال ساڵحی



کاریکاتۆر : کەنعان بیتار

## چەند خاڵێک سەبارەت بە پاک‌وخاوێنی بۆ منداڵان

زۆربەی ئەو نەخۆشی‌یانەی کە مرۆڤ،بە تایبەت منداڵان تووشیان دەبن هۆکارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەپاراستنی پاک‌وخاوێنی. بۆ ئەوەی کە نەخۆش نەکەون داواکارین کە منداله جوانەکان ئەم چەند خاڵە لەبەرچاو بگرن:



١–بەیانیان پێش نان‌وچا خواردن دەست‌ودەموچاوتان بە ئاوو سابون بشۆن.ئەوەش بزانن کە دەبێ جوان بە ئاو کەفی سابوونەکە لێ وەکەنوو نابێ کەفی سابوون بجێتە نێو چاوانتان، چونکە بڕێک ئازاری هەیە.



٢–پاش هەر دەست بەئاو گەیاندنێک دەبێ دەستەکانتان بە ئاوو سابوون بشۆن.
٣–لانی کەم حەوتووی ٢ یا٣ جار حەمام کردن پێویستە و بەتایبەتی لە هاویناندا زۆرتر و لە وەرزی سەرمادا کەمتر.



٤–نابێ هیچ کات منداڵان نینۆکیان هەبێ،چونکە میکرۆبی زۆر لە ژێر نینۆک دا خۆی دەشارێتەوە و لە کاتی خواردن دا دێتە نێوزارو تووشی نەخۆشیمان دەکا.

٥–واباشە منداڵان لەدوای هەر نانخواردنێک ددانەکانیان بە مسواک و خەمیرددان بشۆن.
٦–بیرتان نەچێ کە هەر شەوێک پێش خەوتن،مسواک لێدان پێویستە بۆ منداڵان و گەورەکانیش.

ڕەحمان مەحموودی





## ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن کە:

–هەستی بۆنکردنی ورچ سەد بەرابەری هەستی بۆن کردنی مرۆڤە؟



–ئایا دەزانن کە بە بۆچوونی زانایان تا ٥ ملوێن ساڵی دیکە قارە ئوروپا دەگاتەوە بە ئافریقا؟

–پانایی گۆی زەوی ٥١٥ ملوێن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە؟



–حەلەزوون دەتوانێ بۆ سێ ساڵان بەدوای یەک دا بخەوێ؟




–کەروێشک و تووتی بێ ئەوەی کە ئاوڕبۆ دواوە بدەنەوە دەتوانن دواوەی خۆیان ببینن؟

تێبینی: بەو پێیەی کە وەڵامی ی٢ ئاسۆیی و ستوونی دراوەتەوە، خانە سپییەکان وەڵام بدەنەوە.

## چوار خشتەیی

| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | س | | 1 |
| | ■ | و | ێ | د | 2 |
| | | ■ | و | ■ | 3 |
| ■ | | ■ | ■ | | 4 |
| | | | | | 5 |

چوار خشتەیی ژمارە ١



ئاسۆیی ←

١– وەرزێکی ساڵە.
٢– گیاندارێکی ناوچیرۆکەکانە.
٣– ریشە.
٥– ئێمە بەو زمانە قسەدەکەین.

ستوونی: ↓

١– دوا پیتی ئینگلیزی – دوو پیت بەدوای یەکدا وەک یەک.
٢– میوەیەکی بەسوودە.
٣– توو، کلکی ببڕی دەبێتە چی؟
٤– با بە فارسی.
٥– هەموومان دەیخۆین.




منداڵە چاوگەشەکان! بە کاغەز ئەو مام ورچە ساز بکەن و قاشە شووتی‌یەکەش بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوە بی کێشنەوە و پاشان بینێرن بۆ منداڵپارێزی و خەڵات وەربگرن

کەرەسەی پێویست بۆ ساز کردنی ورچەکە: ١- چەسپی کاغەز ٢-مەقەست،٣-نۆ پارچە کاغەز بە شیوەی دایرە وەک خوارەوە







چاوگەشەکانی دنیای منداڵان! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە



# وڵاتەکەمان بناسین

## «شاری قوڕوە»



شاری قوڕوە لە ٩٣ کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی شاری سنە هەڵکەوتوە، لە ڕۆژئاوا بە شاری هەمەدان، لە باکوور بە بیجار و لە باشووریش بە سونقوڕ و کامیاران دەگاتەوە. ئەو شارە لە دەشتایی هەڵکەوتوە و خاوەنی زەوی و زارێکی پڕ پیت و بەرەکەتە کە قوڕوەی کردۆتە یەکێک لە ناوچە لە بارەکانی کوردستان لە بواری کشت و کاڵیدا. بەرهەمە کشت و کاڵییەکانی شاری قوڕوەی خۆشەویست بریتین لە گەنم، جۆ، هێڵەماسی، ترێ و.....

هەروەها چیا بەرزەکان دەوروبەری شاری قوڕوەیان گرتوە کە زۆربەی وەرزەکانی ساڵ بەفریان پێوە دیارە. چیا بەرزەکانی قوڕوە بریتین لە بەورویەڕێشان و پەنجەعلین. شاری قوڕوە خاوەنی زۆر جۆرە کانگای ژێر زەوییە وەک، بەردی مەڕمەڕ. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە کانکای ژێر زەوی «داش کسن» بکەین کە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی زێڕی کوردستانە.

شاری قوڕوەی خۆشەویست شوێنی مێژوویی و گەشت و گوزاری زۆری هەیە کە هێندێک لەو شوێنانە بریتین: پردی مێژووی پرد ئاوا ، پارکی ڕێزوان ، حەمامی قەسڵان و بابا گوڕگوڕ.

خەڵکی شاری قوڕوە بە دوو زمانی کوردی و تورکی قسە دەکەن.

مەحموود شەریفی

### وێنەی خنجیلانەکان لە دنیای مندالان


شاکۆ ئەحمەدی


ڕێڤین


شادان


شووشە کاوە


سەهەند ساڵحزادە


دەریا موساپوور


محەمەد و ئیسماعیل و فەرهاد


چرۆ و هێما



ڕۆژان شەریفی


لینا


کۆچەر حەویز


شەیداحەویز


چاوەڕێ حەوێز


کارۆس فازڵی


ساریا وەلدبەیگی

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



ئەرزە کەریمی



سۆلاف قادری



نارین کەنکاش



سامان مووساپوور



کاروان حەسەن پوور



ئالا رەسوولپوور



دانیە محەمەدعەبدوڵلا



ژینەر خێری



ئاڤێن فتح الله



توانا ئەبروزەنی



بنارجەناغی



ئاریا عەزیزی



ئاگرین محەممەدی



باهۆز بەهادین



شێنێ شەڵماشی



شنیاشەڵماشی



بەهرە بەهادین



ژوان مجید حوسین



نیکا مەعزوری



دونیا ئاراز